# خاڵخاڵۆکە ٥

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە


ژمارە (٥) ی  پاییزی ٢٠٢٥



# گۆڤارێکی تریش بەناوی خاڵخاڵۆکە هەبوو

منداڵانی ئازیز:

بە دەرچوونی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەتان، ساڵێک تێپەڕ دەبێت بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری خاڵخاڵۆکەدا، بۆیە لێرەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و ئێوەی ئازیز دەکەین. هەر بەو هۆیەوەشەوە پێمان خۆشە ئاماژە بەوە بکەین کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری منداڵاندا، جگە لەم گۆڤارەی بەردەستتان کە بەناوی (خاڵخاڵۆکە)وەیە، (٣٢) ساڵ لەمەوبەر گۆڤارێکی تریش بە هەمان ناو هەبووە، بەڵام ئەو گۆڤارە بە زاری کرمانجی سەروو (بادینانی) لە شاری دهۆک دەرچووە، بەناوی (خاڵخاڵۆک) و وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی (بۆتان)ی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. ژمارە (١)ی لە هاوینی ١٩٩٢ دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.






بەڵام بەداخەوە ئەم گۆڤارە هەر ئەو ژمارەیەی لێدەرچووەوە بەردەوام نەبووە.

دوای ساڵانێکی زۆریش گۆڤارەکەی خۆتان (خاڵخاڵۆکە) ساڵێک لەمەوبەر، یەکەم ژمارەی لە پاییزی ساڵی ٢٠٢٤ لێدەرچوو، خۆشبەختانە بەردەوامەو تا ئێستا (٥) ژمارەی لێدەرچووە.


ژمارە (٥) ی پاییزی ٢٠٢٥

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە

ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات

لێپرسراوی ناوەند:

ئامانج شارباژێڕی

سەرنووسەر:

سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

07701585241

دەستەی نووسەران:

ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق

خاڵخاڵۆکە ٥

ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

ناونیشان:

سلێمانی - ناحیەی سیتەک

ئۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی پاندا

دیزاین: جەلیل حسێن




# بەرخە سپی

محەمەد بەرزی- ئەمەریکا



لانە بەرخێکی هەیە
وەکو لۆکە سپییە
بۆ هەر جێگایەک بچێ
بەرخەش بە دوایدا دەچێ
دوێنێ خێرا دوای لانە
هاتە ناو قوتابخانە
باخان و نازە و نالی
تێر دەستیان کردە ملی
مامۆستا هات و بینی
وتی:  کێ ئەمەی هانی؟
ئێرە قوتابخانەیە
شوێنی بەرخ و مەڕ نییە

# تۆپەکەم

عوسمان تۆفیق عەزیز



ئەی تۆپەکەم چەندە جوانی
ئەڵێی فریشتەی ئاسمانی
دێیت و دەچی دەخولێیتەوە
هەڵئەبەزی و ئەتلێیتەوە
چاک وا ئەکەی بە ناومانا
گورج و گۆڵیت و بە توانا
ئەتفرێنن هەر کەس بۆ خۆی
وەکو بەرخۆلە دەستەمۆی
کاتێ بەرز ئەبیتەوە
لە خوا نزیک ئەبیتەوە
بڵێ خوایە خاکی کوردان
بپارێزە لە دوژمنان
بەهەشتێکی سەر زەمینە
باخ و بێستان، جێی ئەوینە

٢٠-٢-١٩٨٧

# داوەڵ

بێری مەحموودی- پیرانشار



ڕۆژێک لەگەڵ باپیرم
چووین بۆ ناو بێستانێ
باپیرە چای بۆ لێنام
خواردمەوە لە سەیوانێ
لەناکاو بینیم کەسێک
لەنێو بێستان وەستاوە
بەسەر و جل و بەرگی
مرۆڤێکی تەواوە
وتم ئەوە مامەیە!
لەسەری بوو کڵاوێ
ڕام کرد و چوومە پێشێ
خێرا لێم کرد سڵاوێ
دیتم بێدەنگ وەستاوە
چاوی لەمن بڕیوە
کڵاوەکەی بە تاوێ
هەموو ڕەنگی پەڕیوە
جا لەگەڵ مامە داوەڵ
تێر پێکەنیم بە قاقا
ئەوەندە هاتم و چووم
نەما تینم لە لاقا

# منداڵی ژیرم

نەوزاد محەمەد ئاڵانی

من منداڵێکی ژیرم
چەند پاکە هۆش و بیرم
لە پۆلی یەک ئەخوێنم
بۆ وانەم  دانامێنم
مامۆستا بەهۆش و بیر
منی وەک هێلم و هەویر
ئەوەتام لەبەردەستا
گوێم بۆ گرتوی مامۆستا
چۆنت ئەوێ دەتوانی
فێرم بکە بە ئاسانی
وانەی کوردی و بیرکاری
وەرزش، وێنەو زانیاری
هەرچی ترت مەبەستە
لە هۆنراوەو لە بەستە



# ماسییەسورە چکۆلەکە

نوسینی: عەدنان ئاردائی
لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

من لەم حەوزە بچووکەدا لەژیان بێزار بووم. بەڵام ئایا من پێشتر بەم شێوەیە بووم؟ کەواتە پێویستە باسی ڕابردووی خۆمتان بۆ بکەم. من لەگەڵ دایکم و براکانم لەدەریاچەیەکی گەورەدا دەژیام و لەناو کونی تاشەبەردێکدا ژیانی رۆژانەمان بەڕێدەکردو ناوبەناو دەسوڕاینەوە بۆ دەرچوون لەو شوێنەو کات بەسەربردن. ماسییەکانی تریش لەگەڵ بێچوەکانیاندا تێکەڵاومان دەبوون و یاریمان لەگەڵ دەکردن, بەڵام خۆشترین گەمە, یاری مێش گرتن بوو.

کاتێ هەستمان بە برسیەتی دەکرد, قەوزەکانی دەوروبەری تاشەبەردەکانمان دەخوارد. هەروەها کاتێ کە خۆر هەڵدەهات دەچوینە ناو قامیشەڵانەکانەوە یاریمان دەکرد, چونکە سێبەرەکانیان زۆر درێژ دەبۆوە.


رۆژێکیان ئاووهەوا زۆر خۆشبوو, دایکمان لەماڵەوە خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئێمە. پێکەوە لەگەڵ براکانم دەستمانکرد بەیاریکردن. گوڵە ئاوییەکان ئەوەندە جوان بوون بەلامەوە, بەسەیرکردنیانەوە سەرگەرم بووم و براکانم لێ ونبوو, هەستم پێ نەکرد زۆر لەماڵەوە دوورکەوتوومەتەوە, پاشان هەرئەوەندەم زانی ئەملاولام بۆتە دیوارێکی لە پەت چنراو, ئەوەندە لێمەوە نزیك بوو کە نەمتوانی رابکەم.

لەساتێکدا هەستمکرد وەك بڵێی لە ئاودا هاتبێتمە دەرەوەو بەڕوونی لەبەر هەواوا بم. زۆر سەختە کە لەدەرەوەی ئاودا بیت. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند دیسان کەوتمە ناو ئاووەوە بەڵام ئەمجارە ئاوەکە هێندەی دەریاچەکە قوڵ نەبوو. چواردەورم تەخت بوو, نە قەوزەیەکی لێبوو, نە گوڵی ئاوی لێ بوو, نەمدەزانی لە کوێم. بەڵام ئێستا چی بکەم؟ من زۆر لەماڵەوە دوورکەوتومەتەوە!

منیان لەحەوزە شوشەکە دەرهێنا. ئەمە هەمووی لە ماسیگرەوە فێربووم. ئنجا خێرا لەدەورم کۆبوونەوەو وتیان: چەند ماسییەکی جوانە!

من دەریاچەکەم نەدۆزییەوەو خۆراکی ئامادەکراویان دەدامێ. دایکم ئەمانەی بۆ باسکردبووم, خواردنەکان زۆر جوان دانرابوون, بەڵام من حەزم نەدەچووە سەریان و نەمویست. چونکە من دایکم و

براکانم دەویست, نەك خواردن.
هەرگیز شێوەی دایکم و براکانم و گوڵە ئاوی و قامیش و قەوزەکان و یاری خلیسکێنەم لەبیر ناچێتەوە.
ئاخ، ئەگەر جارێکی تر بچمەوە ناو ئەو دەریاچەیەی کە لێی بووم. هەرگیز یەك هەنگاو دوور ناکەومەوەو لەدایکم و براکانم جیا نابمەوە.



# شێخ مارفی نۆدێ


ئا: ڤینا

زانای ئایینی و ناسراو، شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣ - ١٨٣٨) ناوی تەواوی سەید محەممەد ناسراو بە مارف کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئەحمەد بەرزنجییە، باوکی کاک ئەحمەدی شێخ.

ساڵی ١٧٥٢ لە گوندی (نۆدێ)ی شاربازێڕ لەدایکبووە. سەرەتا لای باوکی دەستیکردووە بە خوێندن، دواتر چووەتە شاری (قەڵاچوالان)ی پایتەختی بابان، لە قوتابخانەی (غەزائییە) دەستیکرد بە خوێندن هەتا ساڵی (١٧٦٤)، چووەتە (هەزارمێرد) لای مەلا محەممەدی ئیبنولحاج، ئینجا گەڕاوەتەوە قەڵاچوالان و ماوەیەکی تر خوێندویەتی و پاشان کراوە بە مودەریس لە مزگەوتی قەڵاچوالان، هەتا گواستنەوەی پایتەختی بابان لە قەڵاچوالان بۆ سلێمانی و لەوێش بووە بە مامۆستای مزگەوتی گەورەی سلێمانی. شێخ مارفی نۆدێ لە ساڵی (١٨٣٨) لە سلێمانی کۆچی دواییکرد.

شێخ مارفی نۆدێ نزیکەی پەنجا و پێنج کتێبی نوسیوە، لەبواری ئەدەبیاتی مندالّانیشدا خزمەتێکی گەورەی کردووەو ساڵی ١٧٩٠ فەرهەنگێکی بەناوی (ئەحمەدی) بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی داناوە، تا فێری زمانی عەرەبی ببێت.

شێخ مارف، ڕاستە ئەم فەرهەنگەی بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی داناوە، بەڵام دەتوانین وەک بەرهەمێکی نوسراوی ئەدەبیی و فێرکاری منداڵ ناوی بەرین. لەدوای فەرهەنگەکەی (خانی)یەوە لە ئەدەبی کوردیدا بەرهەمێکی شیعری وا نابینرێت کە بۆ منداڵ نوسرابێت، ئەگەر (نوبهار) یەکەم بەرهەمی نوسراوی کوردی بێت بۆ منداڵ بە زاری کرمانجی سەروو، ئەوا (ئەحمەدی)ش یەکەم بەرهەمی شێوەزاری کرمانجی خواروە. دەستپێشخەریشە لە نوسینی شیعر بەم زارەو گەلێ وشەی ڕەسەنی کوردی بۆ پاراستوین.


شێخ مارفی نۆدێ

# پردی تەیەت

ئا: خاڵخاڵۆکە

پردی تەیەت یەکێکە لە پردە کۆنەکانی کوردستان و دەکەوێتە سەر زێی بچوك لەنێوان گوندی ئاوکورتێی، سەربە قەزای ماوەت لەسنوری شارباژێڕ و گوندی (تەیەت)ی سەر بە قەزای سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان . شوێنی جوگرافی ئەم پردە دەکەوێتە باشووری گوندی ئاوەکورتێ و سەر سنوری ئێران. دووری ئەم پردە لە ئاوکورتێ وە (٢٥٧٠)م دەبێت. (٧٠) کیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە دوورە.

ئەم پردە لە ساڵی (١٧٥٠) لەسەردەستی پیاوێکی خێرخوازو دەوڵەمەندی ناوچەکە بەناوی حاجی عەزیز گروێسێ بەدەستی وەستای شارەزای ئێرانی دروستکراوە. ئەم پردە لە (٧) پایە پێکهاتووە، بەرزی هەر پایەیەکی (١٠) مەتر بووە. واتە پردەکە دە مەتر بەرز بووەو پانی پردەکە پێنج مەتر پان بووە. درێژی پردەکەش لەمبەر بۆ ئەوبەری پردەکە (٩٠) مەتر بووە.

دوای (١٠٠) ساڵ و لە ساڵی (١٨٥٠)دا لەسەردەستی کەسایەتییەکی دیکەی دەوڵەمەند بەناوی حاجی داود زەردەکانی نۆژەن کراوەتەوە. هەتا ڕووخانی سێ جاری تر نۆژەن کراوەتەوە.

سەرەنجام ساڵی (١٩٧٢) بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرو لافاوو زۆربوونی ئاوەکە هەرچی کەرەستەی دارو سەقفی پردەکە هەیە لەگەڵ خۆی ڕایماڵی و ئێستا تەنیا شوێنەوارەکەی ماوەتەوە.



# راستی نەبوو، خەون بوو!

ئەحمەد حسێن ئەحمەد

هەناسە کچە وردیلە سۆزدارەکە، تازە پێی نابووە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، هەر بیری لە ژیانی باڵندەکان دەکردەوەو ئاواتی پێدەخواستن، کە ئەویش دوو باڵی هەبوایەو وەک ئەوان لەشەقەی باڵی بدایە. تێر تێر بەئاسمانی بێ سنووردا بە فڕین گەشتی بکردایە.

شەوێکیان بەو خەیاڵەوە چاوەکانی چوونە خەو. لەخەویدا  بینی، بووە بە کوکوختییەک، بەسەر کێوو پێدەشت و لالەزاردا بە ئارەزووی پڕ لە چێژی خۆی بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە. گەیشتەوە لای ماڵی خۆیانەوە ویستی بنیشتێتەوە، لەپڕ پشیلەیەک پەلاماری داو گرتی. هەناسەش لە حەیبەتا بەقیژەوە لەخەو راپەڕی. سەرنجێکی چواردەوری خۆی دا، بۆی دەرکەوت ئەو دیمەنە ترسناکەی بینیوێتی، راست نەبوە، بەڵکو خەون بووە. ئینجا فرمێسکەکانی سڕی و خەندە پەڕییە سەر لێوە ناسکەکانی.



# مەیموونی هاروهاج

• گینا ڕۆک پاوکە
لە فارسییەوە: ئازاد تەها عەلی



پاسەوانێکی زیرەک لە باخچەی ئاژەڵان کاری دەکرد. پاسەوانەکە هەموو ڕۆژێک لانەی ئاژەڵەکانی پاک دەکردەوە و پەرژینەکانیانی دەبریسکاندەوە.

ڕۆژێک کابرای پاککەرەوە وتی: ئەی هاوار! ئەی هاوار! دز هاتۆتە سەر ماڵەکەم و ئێسکە جوانەکەمی دزیوە.

پاسەوانەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: بەڵام من دەرگای ماڵەکەتم بە جوانی قوفڵ کردبوو.

کەمێک دواتر شێر نەڕەی لێ بەرز بووەوە: "کەسێک هاتۆتە





ئێرە و لێی پاڵکەوتووە". لەلایەکی ترەوە زێبراش هاواری لێ بەرز بووەوە: "فریام بکەون! شتێک لێرە لەناو کایەکەدا خشە خش دەکات."

پاسەوانەکە چوو مەیموونە بچووکەکەی لە ژێر کایەکە دەرکێشاو بە سەرسوڕمانەوە لێیپرسی: چۆن گەیشتیتە ئێرە؟



تێپەڕێت. ئاژەڵەکان ستایشی پاسەوانە زیرەکەکەیان کرد، بەڵام پاسەوانە زیرەکەکە تەنها زەردەخەنەی کرد.



مەیموونەکە لە وەڵامدا وتی: لە بەینی شیشەکانی سیاجەکەوە هاتمە دەرەوە.

پاسەوانە میهرەبانەکە مەیموونەکەی گەڕاندەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.



بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، مەیموونە بچووکەکە جارێکی دیکە لە ڕێگەی محاجەرەکەوە هاتە دەرەوە. خۆی بە کلکی فیلەکەوە نوساند. خۆی بە سنگی ئەسپی ئاوی یەوە هەڵواسی و ئازاری تووتی دا. ئاژەڵەکان بە پاسەوانەکەیان گوت: مەیموونە بچووکەکە زیندانی بکە. بەڵام پاسەوانەکە تەنها زەردەخەنەی کرد. سێ ئەوەندەی جاران خواردنی بۆ مەیموونە بچووکەکەی هێنا و وتی: بخۆ، نۆشی گیانت بێت.


مەیموونە بچووکەکە هەمووی خوارد. ئاژەڵەکان بەو کارەی پاسەوانەکە سەریان سوڕما، بەڵام هیچیان نەگوت.



مەیموونە بچووکەکە هەموو ڕۆژێک بەناو سیاجەکەدا دەهات و دەڕۆیشت. مراوییەکانی هەڵدەفڕاند. تۆپی سەگی ئاوی هەڵدەگرت و پەڕەکانی دوڕنای هەڵدەکێشا. ئاژەڵەکان بە پاسەوانەکەیان گوت: مەیموونە بچووکەکە بە زنجیر ببەستەرەوە. بەڵام پاسەوانە زیرەکەکە تەنها زەردەخەنەی کردو باشترین خواردنی بە مەیموونەکە دا. مەیموونە بچووکەکە وردە وردە قەڵەو و قەڵەوتر بوو. ئەوەندە قەڵەو بوو کە چیتر نەیدەتوانی بەناو محاجەرەکەدا

# له کرمۆکەوە تا پەپوولە

وەرگێڕانی له فارسییەوە: توانا نەوشیروان





تا ئێستا پەپوولەت لە نزیکەوە بینیوە؟


حەز دەکەیت دەربارەی ژیانی پەپوولەکان زیاتر بزانیت؟


پەپوولەکان مێروویەکن شەش قاچیان هەیە و ڕووی جەستەیان بە پوولەکە داپۆشراوە. ئەگەر دەست لە باڵەکانی پەپوولەیەک بدەین، پوولەکەکەی لێدەبێتەوە و بە دەستمانەوە دەنوسێت.

پەپوولەکان بە قاچەکانی پێشەوەیان تام دەکەن و بەوهۆیەوە تامەکان دەناسنەوە وخواردنی دڵخوازی خۆیان دەستنیشان دەکەن.

پەپوولەکان دوو شاخیان لەسەر سەریان هەیە، کە بە یارمەتی ئەوان هەست بە بۆنکردن و بیستن دەکەن.

زمانی پەپوولەکان شێوەی لولەییە. بەهۆی زمانیانەوە چەند شلەمەنیی جیاواز دەخۆنەوە؛ شیلەی گوڵەکان ژەمە خۆراکی سەرەکییانە.









چاوی پەپوولەکان بەراورد بە چاوی مرۆڤ ڕەنگ گەلێکی زیاتر دەبینێت.

پەپوولەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا دەژین؛ جگە لە کیشوەری بەستەڵەکی باشوور نەبێت، کە کەش و هەواکەی زۆر ساردە و هەموو شوێنێکی بەفر و سەهۆڵبەندانە.

یارمەتیدەرن بۆ گواستنەوەی دەنکەهەڵاڵە و تۆوی گوڵەکان لەسروشتدا و بۆ مرۆڤ و ڕووەکەکانیش زۆر بەسوودن.

پەپوولەکان قەبارەیان جیاوازە، بچووکترینیان ١,٥سم و گەورەترینیان ٣٠سم.

پەپوولەکان لە شێوەی کرمۆکە لە تروکانی هێلکەی زۆر بچووکەوە دێنە ژیانەوە.

کرمۆکە پەپوولەییەکان زۆر برسین و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ گەڵای ڕووەکەکان دەخۆن، بۆئەوەی ئەوەندە گەشە بکەن، لەقۆزاخەوە بگۆڕێن بۆ پەپوولە و باڵدەربکەن و بتوانن ئەوتەمەنەی کە ماویانە بفڕن.







# شاهۆ

محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی

شاهۆ لەگەڵ میلا و یوسفی هەردوو پووری و ئەحمەدی خاڵی، چوونە مارکێتێکی گەورەوە، هەر چواریان بەدوای دیارییەکی جواندا دەگەڕان، تا بیکەنە ملی (سمسم) توتیە جوانەکەی باوکی شاهۆ، بەبۆنەی بوونی (سمسم)بۆ پێنج ساڵ، لەگەڵ ئەم خێزانەدا و ئەیانزانی باوکی شاهۆ (سمسم)ی زۆر خۆشدەوێ.

هەرسێکیان ڕێککەوتن کە مەدالیایەکی زیوی پچوکی بۆ بکڕن و بیکەنە (سۆپرایز) بۆ باوکی شاهۆ.

ئیتر دوای کڕینی مەدالیاکە، میلا وتی :

با کێک و شەربەتیش بکڕین و بە (ئەدیدی) نەنکیشمان بڵێین، ئەویش سمسمی خۆشدەوێ و بەیەکەوە بچین بۆ لای (سمسم) و بە ئامادەبوونی هەمووان و خواردنی کێک و شەربەتەوە، مەدالیاکە بکەینە ملی (سمسم).



دوای ئەوەی هەموو کۆبوونەوە، شاهۆ و میلا و یوسف و ئەحمەد، هەر پێدەکەنین و بە باوکی شاهۆیان وت:

کاکە ئاسۆ (سمسم) بەرەڵاکە، ئیشمان پێیەتی، ئەویش وتی باشە، دەریهێنا و شاهۆ مەدالیاکەی کردە ملی (سمسم) و هەموو بەدەم کێک و شەربەتخواردنەوە پێدەکەنین.

ئینجا ئاسۆ بە (سمسم)ی وت سمسم پێیان بڵێ سوپاس،

سمسم دوو سێ جار لەسەر یەک وتی سپاس سپاس سپاس.





# ڕێوی قوڕین







١- بە کەمێک قوڕ، تۆپەڵێک دروست دەکەین.
٢- بە پەنجە فشار دەخەینەسەر لایەکی ئەندازەی سەرە پەنجەیەک چاڵێکی تێدەکەین.
٣- بۆ دروستکردنی دەمی ڕێوییەکە بە دوو پەنجە لایەکی تۆپەڵەکە ڕادەکێشین و تیژی دەکەینەوە.
٤- هەر بە قوڕ، دوو تا سێ گوێ دروست دەکەین و دەینێین بە شوێن گوێیەکانییەوە.
٥- سێ تۆپەڵە قوڕی بچووک دروستدەکەین بۆ چاوی و دەمی.
چاوەڕێ دەکەین تا کەللەی ڕێوییەکە وشک دەبێتەوەو ئینجا بە بۆیەی زەیتی یان ئاوی ڕەنگی دەکەین.
فەرموو ئەوەش بەچکە ڕێوییەک.









# دیلانێ

ئا: ئارەزوو عەبدولخالق



ئەم یارییە زیاتر تایبەتە بە کچان، لە دوو کەس یان زیاتر پێک دێ. بریتییە لە گوریسێک بە چوار لۆ بە لقی دارتوو یان دار بەڕوویەک هەڵدەواسرا.

هەر لایە دۆشەکەڵەیەک دەخاتە سەر دوو تۆیی گوریسەکە، دوان لە یاریکەرەکان بەرانبەر بە یەک هەر کەسە لەسەر دۆشەکەڵەی خۆی بەرانبەر بەیەک دادەنیشێ بە مەرجێک لاقیان لە زەوی نەکەوێ، دەستدەگرن بەم لاو بەو لای گوریسەکانەوە یەکێ لە کچە ڕاوەستاوەکان پاڵیان پێوە دەنێ، وەک چەرخ و فەلەک.

ئەم یارییە بەزۆری لەکاتی سەیراندا دەکرێ.

سەرچاوە: کتێبی یاری لە کوردەواری دا، د. نەسرین فەخری.




# سمۆرە

سمۆرە گیانلەبەرێکی شیردەری قرتێنەرە، بەزۆری لەسەر درەختەکان دەژی، کلکێکی درێژ و مووداری هەیە، چاوی ڕەش و فراوانە گوێی کەوانەییە، لاشەیان باریک و درێژکۆلەیە، هەندێکیان لەسەر درەخت ناژین پێیان دەوترێ سمۆرەی زەوی، کلکیان کورتە.

سمۆرەکان بەگشتی ڕووەکخۆرن، تۆو و قەدی درەخت و قارچک و میوە دەخۆن، بەڵام زۆرینەیان گوێز و بەڕوو لە کلۆری دار و ژێر زەوی دا کۆدەکەنەوە بۆ وەرزی زستان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆر جێگەی جیاواز دایاندەنێت و ناچێتەوە سەریان، هەندێکجار سمۆرەی دیکە یان باڵندە دەیانبات، زۆر جاریش لە نێو زەویدا چاڵی بۆ هەڵدەکەنن و دەیشارنەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی سەوزبوونی ژمارەیەکی زۆر دار و درەخت.

لانەکانیان لە کلۆری دار، یان لەسەر چڵی درەختەکان بەچیلکە و گەڵا هێلانە دەکات، هەندێ جاریش کۆنە هێلانەی باڵندەکان بەکار دەهێنێ.

کوردستان و شارباژێڕی خۆشمان سمۆرەی زۆرەو بەتایبەت سمۆرەی دارەوان کە هەموویان لەسەر دارەکان دەژین، بە هۆی درێژی و ئەستووری کلکیانەوە بەئاسانی بەسەر دارەکاندا باز دەدەن، ڕەنگیان لە نێوان ڕەش و خۆڵەمێشی و قاوەیی و خەنەیی و سوردایەو سروشتەکەیان جوانتر کردووە.



# له پۆلدا

سەیری ئەو کاغەزە ڕەنگاوڕەنگە بکە کە منداڵەکان هەڵیانواسیوە! تەواویان بکەو ڕەنگیان بکە.

منداڵەکان خواردنیان لەسەر مێزەکە داناوە. خواردنەکان بەپێی ژمارەی منداڵەکان، ڕەنگ بکە. چەند خواردن بۆ مامۆستا دەمێنێتەوە؟

هەر منداڵێک چەند دانە گوێزی دەوێت؟ بەپێی ژمارەی منداڵەکان، بازنەیەک بە دەوری گوێزەکاندا بکێشە.





قوتابی زیرەك
قوتابییەکە چەند وشەیەکی لەسەر بۆردەکە نووسیوە. تۆش یارمەتی بدەو بەم وشانە ڕستەیەک بنووسە.
چەند کەلوپەلی زیادە لە پۆلدا هەیە؟ تا مامۆستا نەهاتووە، بیاندۆزەرەوەو نیشانەیان بکە.
منداڵەکان شێوەی ئەو شتانەیان کێشاوە کە حەزیان لێیە بۆ مامۆستا. شێوە پەیوەندیدارەکان بە هێڵ بەیەکتری بگەیەنە.



# بووکە بە بارانێ

ئا: ئەنوەر شارباژێڕی

نەریتێکی کوردەوارییە، هەر ساڵێک باران نەبارێت و وشکەساڵی بێت یان باران دوا بکەوێت، منداڵان بووکێکی پەڕۆیینە یان پارچە پەڕۆیەکی گەورە ئەبەستن بە سەر دارێکەوە وەکو بەیداخ و پێی ئەڵێن «بووکە بەبارانێ»، یەکێکیان هەڵیئەگرێ و ئەوانی تر شوێنی ئەکەون. بەگۆرانی بە کۆڵاناندا دەگەڕێن و دەڵێن:



**هەیاران و مەیاران**
**یاخوا داکاتە باران**
**بۆ فەقیر و هەژاران**
**بووکە بەبارانێ**
**ئاوی بندەغڵانێ**
**سەعاتی جارانێ**

کە دەچنە بەردەمی هەر ماڵێک، خاوەن ماڵەکە جامێک ئاو بە بووکەکەدا دەکات و زۆر جاریش کچە عازەبی ئەو ماڵە یا تازەبووک دێتە دەرەوە، دەرزییەکی سنجاق ئەکا بە بەیداخەکەدا و تۆزێ ئاویش ئەپرژێنێتەوە سەر پەیداخەکەو شتێکیش ئەدەن بە منداڵەکان. ئەمانە بەم جۆرە بە ماڵەکانا ئەسووڕێتەوە تا بەتەواوی بەیداخەکە لە ئاوی پرژەی ماڵان تەڕ ئەبێ و وەکو لە حەوزت هەڵکێشابێ وای لێ دێ. بەو نیازەی کە ئیدی باران ببارێت.

# خاڵخاڵۆکە

ئەمین محەمەد

ڕۆژێکی خۆشی بەهار
لەناو نێرگزو گوڵزار
لەباخێکدا دەگەڕام
خاڵخاڵۆکە هات بۆ لام
ئیتر منیش دەستبەجێ
لەگەڵیابووم بە هاوڕێ
چەند خۆشە هەموو کاتێ
شادی و خۆشیم دەداتێ
دێتەسەر پەنجەکانم
منیش ورد بۆی دەڕوانم
ئینجا دەفڕێ بۆ ئاسمان
دەچێت بۆ ناو هەورەکان
پێی دەڵێم خاڵخاڵۆکە
منیش دێم، چاوەڕێم بکە

